# پەیمانی کۆمەڵایەتی .

کازیوە ساڵح

**بەشی چوارەم**

کاتێک ژنانێک دەتوانن ئەو خاڵە قێزەونانە بە ئامانج بگرن بۆ گەشتن بە ئامانج و مەبەستە خودیەکانی خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە سەروو بەرژەوەندی مرۆیی و هەقیقەتەوە ، جگە لەوەی ئەو پرۆسەیە خەونی ژنانی تێدا بەرهەم ناهێنرێتن جگە لە خەونی نەزۆکی ئەو کەسانەی  بە ووتەکەی مکیافیلی سەرسامن "هەموو 'ڕێگەیەک ڕەوایە بۆ گەشتن بە ئامانجەکان" وەکو ئاماژەشمان پێکرد ئەو ووتەیەدا واتای نووچ دانی هەردوو فاکتەری مۆراڵ و شارستانیەت بەرەو نەوی بوون و لەناو چوون دەچێت ، ئەو نووچدانەشی واتای لێکترازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکات لە پێناوی بەدیهێنانی خود (الذات)دا، جگەلەوەی کاتێک شارستانیەت و مۆراڵ نوچ دەدەن ئیتر هیچ پانتایەک بۆ  مەبەستی باڵای بوونی  مافی مرۆڤ و ژن و پنتە سیڤیلیەکان نامێنێتەوە، کەواتە مرۆڤێک  کە دەبێت بە هۆی نوچدانی شارستانیەت چاکتر وایە خۆی لەبانگەشەی ژیانی سیڤلی و مافی ژن و بزووتنەوەی فمینیستی بە دوور بگرێت. چونکە ئاستی پێشکەوتن و شارستانیەت ، ڕێسا سیڤیلیەکان لە هۆشیاریەوە سەرچاوە دەگرێت کە متمانە دەخاتەسەر ڕەخنەگرتن لە خودپاشان لە دیاردەکان لەسەر ئاستی تاک و کارلێکەرەکانی، دەنا لە دەرەوەی ئەو بازنەیە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسی دۆڕانەوە.

بۆ نەدۆڕانی پەیمانی کۆمەڵایەتی زۆربەی بیریاران لە نێو فەلسەفەدا پەیمانی کۆمەڵایەتییان وەکو شێوەیەکی گرنگ و سەربەخۆ و کاریگەر بە سەرجەم چڵەکانی دی فەلسەفەوە خستووەتە ڕوو، بە تایبەت تۆماس هوبز زیاتر لە بیریارانی دی خۆی سەرقاڵی ڕاڤەکردنی کردووە بە ڕادەیەک بەسەر چەمکی دیموکراسیشدا بازی پێداوە ، لای هوبز پەرەپێدانی ئەو بیرۆکەیە بوو بە هۆی وروژاندنی بیرۆکەی ئازادی سیاسی ، کە واتە بە بێ هەبوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی چەمکەکانی ئازادی سیاسی و دیموکراسیش بێواتاو ناوەرۆک دەمێنێتەوە ، چونکە لە بنەمادا  ئازادی و دیموکراسی لەسەر بنەمای موراڵی و شارستانیەتی بونیاد نراوە، ئەو چەمکە  ئەخلاقییە  مرۆڤ کاتێک هەڵیمژی بەرگێکی نوێ بە بەر دەبرێت، لەبەر ئەوەی کە سەدە کۆنەکان خواحافیزیان لێکردووە و دەروونە  پیسەکانیش نزگەرەی ئاسوودەیان تێدا نەداوە، ئەگەر ئازادی واتای هۆشیاری درک کردنی مرۆڤ بێت بە مافی بەرامبەر و ئەرکی خۆی ، یاخود  ماف و ئەرکی (من) بۆ ماف و ڕێزگرتنی سەروویەکانی (ئەو) ئەوی ئازاد نەک کوێلە، ئەوا کاتێک مرۆڤ درک بەو ڕاستیە دەکات کە شیرازەی پەیمانی کۆمەڵایەتی نەشێواو بێت  و لە خانەی بایەخەکانیدا نەخرابنە پەراوێزەوە.

ئەگەر دیموکراسیش ئەو کەش وهەواو ئازادیە بێت کە مافەکان و ئازادیەکانی (من) و (ئەو)ی کەنار نەکەتووی تێدا بەرجەستە بێت ،ئەوەشیان دیسان لەو کۆمەڵانەدا ڕوو دەدەن کە هۆبز ئاسا پەیمانی کۆمەڵایەتیان هەندە پیرۆز ڕاگرتووە کردویانە بە ئایکۆنەی ڕووناکیەکانی دی.  کە دیارە

جگە لە هوبز زۆربەی بیریارەکانی چەرخی ١٨ – ١٩ مێتودەکانی خۆیان لە سەر بیری پەیمانی کۆمەڵایەتی تەژی کردووە. لەوانەش (ژان ژاک رۆسۆ ، کانت ، ستیوارت مل...تاد).

ئێستای مرۆڤایەتی هێندە ئاڵۆز و لێکترازاوە مەگەر جارێکی دی مرۆڤ خوێندنەوەی بۆ بوون هەبێت بە شێوەیەکی نوێ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفە جارێکی دی لەچوارچێوەی فەلسەفەو تیوریەکاندا دایبڕێتەوە بەدەر لەو ترسەی پێی بڵێن مرۆڤێکی نموونەیی‌یە ، چونکە ئەگەر مرۆڤی نموونەیی ئەو مرۆڤە بێت لە چوارچێوەر ڕاست و دروست تێهەڵکێش کردنی پەیمانە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا فەلسەفەی ژیان دابڕێت ، ئەو مرۆڤە براوەیەو ناوناتۆرە جیاوازەکانیش لای خەڵک واتای هەر چی بێت ئەو ڕاناچەنێنێت، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندی‌یانە لەسەر بنەمای زاڵم و زۆرلێکراو ، باڵاو نەوی ، پەردەپۆش کردنی درۆ زەقەکان لە ئاستی مرۆڤایەتی‌دا دامەزراوە، واتا لەسەر جەدەلیەتی غەم و زوڵم دامەزراوە ، لەسەر بنەمای یەکەی جیاوازی وفرەیی و بەربەرەکانی دامەزراوە، ژنیش بە بەربەرەکانی مەسەلەکانی ناباتەوە، بەربەرەکانی شەرعیەتی جیهانی پاتریارکی‌یە، نەک جیهانی بەدیهێنەری خەونە بەرهەمهێنەرەکان ، بۆیە ژن پێویستی بە هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی نوێ هەیە لەم قۆناغەدا بە شێوەیەک کە بونیادی کومەڵێکی نوێی لێوە لەدایک بێت، ئەو بڕیارەش بە بێ هەبوونی هوشیاری سەرچاوە ناگرێت.

## هوشیاری لای فمینیست .

مرۆڤ هەتا درک بەوە نەکات تەنها بە هوشیاری دەتوانێت خەونی ڕەوا بخاتە نێو شەرعیەتی مرۆیی‌یەوە ، هەتا دڵنیا نەبێت هوشیاریەکی دروستی هەیە بۆ خوێندنەوەی ڕاستیەکان هەتا شەپۆلی هوشیاری نەگەینێت بە کەنارەکانی مناڵی و لەوێوە ڕەخنە لە زەردەخەنە کە والیسدارەکانی گەورەیی ناگات بە ڕاستی هوشیاری. مرۆڤی فمینیست خاوەنی ئەو هوشیاریە ڕاستەیە، ئەدی مرۆڤی خاوەنی خوێندنەوەی زانستی ،ویژدانی زیندوو ، ئایدیای فەلسەفی ، خەونی بەرهەمهێنەر ، دنیای یەکسان و دادوەر و هۆشی ئاشتی بێت چۆن دەتوانێت بە بێ میتودەکانی هوشیاری بگات بەو چەمکە دەگمەنانەی کە لەجیهانی ئەمرۆ دا لە گەل گازو ئەتۆمدا تونێنرانەوە.

ژن ئەگەر بیەوێت فمینیست بێت ئەو فمینیستەی کە پێکەنینی بە هەڵەکانی فمینیستەکانی جیهان دێت، جیهانبینی نوێی خۆی دەبێت بۆ جڤاتی کوردی ، ڕەگەزەکانی ئایدیای پاتریاکی دەنێرێتە مۆزەخانەی شتە لەبیرکراوەکان. خۆی لەو ڕاستیە لا نادات کە لە جۆرەکانی هوشیاری تێبگات لە لە دوو ئاستدا بەرجەستە بوون، ئەوانیش بریتین لە هوشیاری ئاستی ڕەمەکی (العفوی) لەگەڵ هوشیاری ئاستی قوول(ئایدۆلۆژی).

ئاستی ڕەمەکی کە دەتوانرێت پێشی بگووترێت ئاستی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی کە هوشیاری مرۆڤ و خوێندنەوەی دەگرێتەوە بۆ ڕووداو و دیاردە ڕووکەشەکان. بەرجەستە کردنی ئەو خوویەی کە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکان و توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکان پەیڕەوی دەکەن ، ئەو ئاستەش گوزارەشت لە

پەیوەندی کۆمەڵایەتیو بەرژەوەندیە خودیەکان و ژیانی ڕۆژانەو دوورونزیکی لە خەڵک دەکات بە ڕەچاوی پەیوەندی ڕەهەندە کەلتووری و جوگرافی و چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانە .

دووەم ئاستی قووڵە(ئایدۆلۆژی) هەندێکیش بە نوێخواز ناوزەدی دەکەن. ئەو هوشیاریەیە کە لە ڕووداوەکان و دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕۆشنبیریەکان قووڵ دەبێتەوەو خاوەنی بیر و بۆچوون و ڕاڤە کردنی تایبەتی خۆی دەبێت بەرامبەریان بە بێ ڕەچاو کردنی فاکتەرە تەقلیدیەکان کە لە باری هوشیاری ڕەمەکیدا هەیە.

مرۆڤی خاوەن بیر و ڕای جیاوازیش واتا مرۆڤی خاوەن تایبەتمەندی ، مرۆڤی خاوەن تایبەتمەندیش ئەو مرۆڤەیە کۆدی لایەنە شاراوەکانی ژیان و یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان و چۆنێتی پێشکەوتنی هەیە ، هەبوونی هوشیاری ئایدیولۆژی واتا زەن کردنی میکانیزمی سەرجەم بیر و چەمک و تیور و باوەڕەکان دەتوانێت ئەم جۆرە مرۆڤانەش ناویان بنرێت نوێنەری کۆمەڵ چونکە زێتر توانای بەرهەمهێنانی خەون و داهێنانیان هەیە ، دەتوانرێت ئۆمێدی دوارۆژی فەرمی و کۆمەلی نوێیان لێ بکرێت چونکە ئەمانە فەلسەفەیەکیان هەیە بۆ ژیان جیاواز لە باو .

لە ئەمرۆدا کە ڕۆژی بەخودا بوونی شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆجی یە ، ئایدۆلۆژیا و هوشیاری ساکارەکان هەڵگری وەڵامی پرسیارەکانی ئەم سەردەمە نین، بۆیە گەڕانەوە بۆ هوشیاری فەلسەفی یەکێکە لە خواستەکانی ئەم سەردەمە، لە نێو فەلسەفەش دا زیندوو کردنەوەی بەشە مردووەکانی پرسی فەلسەفی ، چونکە ئەمڕۆ جیهان گۆڕاوە بە جیهانی فیکر و چەمک و بیرو باوەڕەکانیشەوە.

لەگەل ئەم هەموو چەمکە نوێیەدا ژنی کورد زۆرێک لەوانەش کە خۆیان بە ڕابەڕی مەسەلەکانی ژنان دەبینن هێشتا هوشیاریان لە ئاستی یەکەمە کە دەستنیشانمان کردووە واتا خاوەنی هوشیاریەکی ڕەمەکیە و خوێندنەوەی ڕووکەشانەی هەیە بۆ دیاردەو ڕووداوەکان ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەرچێت کە عەقڵە تەقلیدیەکان بۆیان دارشتووە ، کارەستاتیش لەوەدایە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادی لە کاتێکدا هوشیاری ئازادی دروست دەکات و دەگەیەنێت بەو ئاستەی کە پێویستە هەبێت و گونجاو بێت لەگەل ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی کە بیەوێت بە کەرامەتەوە بژی. ئەو کارەساتانەی ئەمڕۆ ژنانی ڕۆژئاوای تێکەوتوون، ئەو ئازادیە لە ناکاوە بوو کە دەرئەنجامی شەڕەکان بەر لە هەبوونی هوشیاری تەواو بە مرۆڤیان بەخشی بۆیە ژن کاتێک هوشیاری گرێ دەدات بە هەبوونی ئازادی و یاساوە لە ناو هوشیاری دائەو بۆچوونەی هەیە ، چونکە عەقل ئامرازی مەعریفەیە وەک زانراویشە ئەوەی خاوەنی توانای بەکار هێنانی مەعریفەکانی نەبێت ناتوانێت ببێ بە لایەنێک لە بەرهەمهێنانیدا. مەعریفەش شێوازی هەبوونی هوشیاری دەگرێتەوە کە مەعریفە فەلسەفیەکان هوشیاری دەکەن بە پێنج بەشەوە، ئەوانیش لایەنی :

١ – هوشیاری خود

٢- هوشیاری ئەندیشە

٣- هوشیاری ئیرادە

٤- هوشیاری مەعریفە

٥- هوشیاری هەڵچوونەکانی مرۆڤ ١٩

وەکو دەبینین یەکێک لایەنەکانی هوشیاری عەقلە و عەقلیش ئامرازی فیکرە کە واتە فیکریش دەرک کردنە ، دەرک کردنیش واتە زانینی شوناسی دەوروبەر، لەسەرەتاوە هەتا مرۆڤ شوناسی خۆی دەستنیشان نەکات ناتوانێت لە واتای شوناس تێبگات تا متمانەیَ بخرێتە سەر بۆ دەستنیشانکردنی شوناسی شتەکانی دەوربەری. ژنی کورد پێویستە لە ڕووی هوشیاری و فیکرییەو بگات بە ئاستێک شوناسێک بۆ خۆی دەستنیشان بکات ، ئەنجا شوناسی دەوروبەری و شوناسێک بۆ مەسەلە پڕجەنجاڵییەکەی بدۆزێتەوە، کە من لای خۆم ئەو شوناسەم ناو ناوە فیمینیست یان ژنناسی ، ژنناس و فیمینیستی کوردیش پێویستە سەرجەم ئەو لایەنانەی هوشیاری تێدا بەرجەستە بێت لە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و لایەنە دەروونیە پەیوەندیدارەکانیش بەو تەوەرانە ، دەنا ناتوانێت بگات بە ئامانجەکانی. هەوڵەکانی دەبێت بە جوینەوەی بنێشتی ژنانی ڕۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاست.

## سیاسەت و زانستە جیاوازەکان.

مرۆڤێکی سیاسی ئەگەر ئاگاداری زانستەکان نەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەستی زانستی سیاسین ، وەکو مرۆڤێکی دیندارە کە نوێژ دەکات تەنها لەبەر ئەوەی دایک و باوک وایان ڕاهێناوە نوێژ بکات، ئەویش پەیرەوی دەکات بەڵام نازانێت قیبلەی لە کوێوەیە یاخود بۆچی نوێژ دەکات . ئەوە ئەو کارەساتەیە زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی کوردی تێدایە کە ژنیش پاشکۆیانە. کە هەر زۆرێک لەوانە بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە ، شەڕی عەشایەرگەری ، نەگەشتن بە خواستی خۆی بەرامبەر بەو کچەی کە خۆشی ویستووە، ویستی ژنهێنان و ڕەتکردنەوەی لای دایک و باوک ، ڕاکردن لە سەربازی کردن و چەندین نسکۆی کۆمەڵایەتی دی زۆرینەی سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی جیهانی دەستەڵاتی کورد و سیاسی گەیاندووە بە شاخ و بە بێخواستی خۆیان کە بیریان چوویێت بۆ لای ئازادی ڕۆژێ لە ڕۆژان ، ئەمڕۆ هاتوونەتە سەر عەرشی دەسەڵات ، هەر لەسەر ئاستی شاخ و کەلتوورەکانی شاخ و سیاسەتی شاخ مامەڵەیان لەگەل شارستانیەت و سیاسەتی نوێی شاریشدا کرد.

ئەو دیاردەیە لە دەرەوەی پلە و پایەی ژنیش نەبووە، ژنانێک کە بە هۆی لێپرسراوێتیە کۆمەڵایەتییەکەیان و ئەو داب و نەریتەی کە هەیە (پیاو لە هەر کویَ بێت پیویستە ژنیش دوای کەوێت) لەو ڕووانگەوە کۆمەڵێک ژنی زۆر گەشتن بە شاخ و ئەرکی کۆمەڵایەتی باوی خۆیان بە جیَ هێنا. ئیتر لەویَ سیاسەتیان کردبێت یان نە قسە لەسەر ئەوانە نییە، چونکە دەکریَ کاری باش و هەڵوێستی گەورەیان هەبووبێت ، بەلام هەڵبژاردنی ئەوان بۆ ئەو خەبات و سیاسەتە هەڵبژاردنێکی خۆویستانەو زانیستییانە نەبووە بۆیە کاتێک گەڕانەوە بۆ شار و ئازادی و سیاسەتی نویَ (کە دڵنیام زۆربەیان مافیان خورا) ، بەڵام ئەوانەیان کەبە هۆی کەس و کار و مێرد وبرایان لە شاردا لە پۆستی بەرزدا بوون ، پۆستەکان و ئەرکی سیاسیيان پێ بەخشرا. ئەوانیش بارودۆخیان لە پیاوەکان باشتر نەبوو و نابێت، هەر بەو شێوە باوە چوونە سەر کورسی دەسەڵاتیش بۆیە ئاکار و مامەڵەیان بەهەردوو لازۆر دوور بوو لە مامەڵەی زانستیيانە و ژنانیش بە هەمان شێوەی هەڵەکانی ئەوان شەڕی

دەسەڵات و شەڕی حیزب و شەری تەکەتول و ناوخۆیان کرد. ئەو ئاکارەش دوورە لە مامەڵەی خەڵکانێکی کاملی سیاسی یاخود هوشیار دەربارەی زانستە سیاسیەکان و گرێدرواى بە زانستەکانیترەوە، ڕاڤە کردنی ئاکاری هەر یەک لەوانەش لە ناو زانستە جیاوازەکان نەنگی دەروونی کۆمەلایەتی گەورە بەرهەم دەهێنێت بۆ مێژوویان ، بەلام ئەوان سیاسەتیان تەنها بە ئامانجی گەشتن بە دەسەڵات گرتووە ، بێ ئاگان لە پەیوەندی سیاسەت بەو زانستانەوە .

## سیاسەت و زانسیتی سۆسیولۆژی .

ئەوانەی بە شێوە تەقلیدیەکە لە زانستی سیاسی گەشتوون پێیان وایە زانستی سۆسیولۆژی ( کۆمەلایەتی ) لەو سۆنگەیەوە نزیکە لە زانستی سیاسیەوە چونکە هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان. تیوریەکانی (ئۆگۆست کۆنت) کە بنەمای زانستی سۆسیولۆژین وای نیشان دەدەن کە زانستی کۆمەلایەتی وا هاتە پێشەوە وەکو ئەوەی بیەوێ زانستی سیاسی بسڕێتەوە و سۆسیولۆژی وەکو زانستێکی بونیادنەری بەهێز جێگەی بگرێتەوە بەتایبەت کە شیتەڵکردنی ڕوحی حەقیقەتی لە خۆ گرتووە کە پابەندی هەستی کۆمەلایەتیە.
لەدەرەوەی پێناسەکانی کۆنت ئەگەر بڵێین زانستی سۆسیولۆژی چۆنێتی ژیانی مرۆڤە لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە ئەوا ئامرازەکانی زانستی کۆمەلایەتی بچووک کراوەی ئەو مەسەلەیەن وەکو ئەوەی پۆلێنی بکات بۆ کۆمەلایەتی پێشکەوتوو و دواکەتوو ، زانیار و نەخوێندەوار ، دەوڵەمەند و هەژار و ...هتد.
لە میانەی ئەو جیاوازیانەوە ئەو زانستە هەوڵی داوە یاسا کۆمەلایەتیکان ئاشکرا بکات کە دەکرێن بە دوو بەشەوە. ئەوانیش:
١- یاسای کۆمەلایەتی گشتی .
٢- یاسای کۆمەلایەتی تایبەتیە.
پێم وایە ئەو جیاکردنەوەش و زانینی ڕاست و هەلەکان و بەرەو پێش بردنی زیاتری بەشە پێشکەوتووەکە پێشخستنی بەشە نائەکتیڤەکەیەتی. لێرەوەیە زانایان زانستی کۆمەلایەتی بۆ ئەو کۆمەڵە یاسا فەرمانڕەوا ناوزەد دەکەن کە کۆنترۆلی ژیان مرۆڤ دەکەن لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە.
بە گەڕانەوە بۆ (کۆنت) پێویستە چەقی بایەخدان لە دەوڵەتەوە بگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤایەتی کە کۆنت بە کۆمەڵە مرۆڤێکی ڕابردوو و داهاتوو و ئێستا ناوزەدی دەکات. کۆنت پیرۆزیەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی ناخاتە پەراوێزی هیچەوە و پێی وایە پەیوەندی لە میانەی نەوەکانەوە هەیە وای دەبینێت کە ڕێژەی ئەو مردووانەی کە هەتا ئێستا کارگەریان لەسەر نەوەکان هەیە وەکو ئەوەی زیندوو بن هەمیشە لە زیادبووندایە.
ئەو بۆچوونەی کۆنت بۆ کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکان بە تایبەت ئەو کۆمەلانەی کە هێشتا دوورن لە زانستە تەکنۆلۆجیەکان بە تەواوی ڕاستن، بە تایبەت لە داب و نەریت و مەسەلە نەتەوەیی و

دینیەکاندا هەروەها بۆ ماوە زانستی و فەلسەفیەکان کە ئەمەش هەندێ جار شۆڕشێک لە نێو نەوەکان دا هەڵدەگیرسێنێت.

ئەو حالەتە لە جیهانی کوردیش بەدەر نیە بەلآم کێشەی ئێمەش جیاوازە لە گەل نەتەوەیەکی رۆژئاواییدا کە دەکرێت ژمارەیەکی زۆری مردووەکانی خاوەنی سەرجەم بیر و باوەڕو چەمکە فەلسەفیە ژیاریکانن ، ئێمەی کوردیش سەرجەم ئەو چەمکانەمان لە مردووەکانی ئەوانەوە بۆ ماوەتەوە چونکە لە بنەمادا ئێمەی کورد کەلتووری مردوو و زیندوومان کەلتورێکی داڕزاو بە داب و نەریتی دواکەوتوو نەخوێندەوار باوەش کردن بە چەمکە ئایینیەکان بەر لە تێگەشتن و بە شێوەیەکی کوێرانە ، شۆڕشی دۆڕان ، هەموو ئەو چەمکانەی کە لە رۆژئاوا دەچنە پەراوێزەوە لە پۆلێنەکەی (کۆنت) جێگەی نابێتەوە.

ئەمڕۆی جیهانی نوێ و تەکنۆلۆجی نەک نەمری مردووەکانی کوشتووە ، بەڵکو ئێستا و داهاتووی زیندووەکانیش لە زۆر ڕووەوە بێئومێد کردووە. تەکنۆلۆجی بە شێوەیەک تێکەڵاوی ژیانی کۆمەلآیەتی مرۆڤی رۆژئاوایی بووە، زۆر ڕووی ژیانی لێ شێواندووە و ئەو شیرازانەش لێک نەترازا بوو ، زانستی تەکنۆلۆجیا لێکی ترازاندن و بەرامبەر چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی دی ، واتە شۆڕشی زانیاری و تەکنولۆجی تێکەلآوی هەندێ زانستی کۆمەلآیەتی بوو بە ئاستێک هەندێ کێشەی بۆ چارەسەر کردن و هەر بۆ ئەو چارەسەر کردنە کۆمەڵی کێشەی گەورەی بۆ درووست کردن و کاریگەری نگەتیڤ کردەسەر ڕیسا و یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەلآیەتیان وەکو ئەوەی بە هۆی هەندێ تەکنیکی نوێ بۆ ئاژەڵ جێگەی بە مرۆڤ لێژ کردووە لە نەشتەرگەری پزیشکیدا کە ڕووی داوە ئەندامی ئاژەڵێک بۆ مرۆڤ دابنێن، یاخود کەسێک تەنیا ئاژەڵێک لە ماڵەوە ڕاگرێت چ ژن بێت یاخود پیاو لە بری هاوسەر پرۆسەی سکسی لە گەڵ ئەو ئاژەڵە ئەنجام بدات بە هۆی ئەو هەموو وێنە سێکسیانە لە گەڵ ئاژەڵدا بلآو دەکرێنەوە جگە لە کاریگەرییە کۆمەلآیەتیەکانی دی ، یاخود پەراوێز خستنی رەگەزی ژن لای پیاو و پیاویش لای ژن بە هۆی ئەو هەموو ئەندامە سێکسێ دروستکراوەی کە جێگەی ژن بۆ پیاو و پیاو بۆ ژن گەگرێتەوەو بە کاری دەێنێت و پێویستیان بە یەک نابێت ، یاخود نەشتەرگەری گوڕینی ڕەگەزی مرۆڤ لە نێرە بۆ مێ و پێچەوانەکەی، مەسەلەی دروست کردنی مرۆئامێر و کۆپی کردنی مرۆڤ و منالی بۆڕی یان کرینی سپێرم( لە بانکی سپێرم٢٠*، ئەو چاودێریانەی کە لە ڕێگەی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێتەوە چاودێری مرۆڤی پێدەکەن و کاریگەری نگەتیڤی کۆمەلآیەتی لێدەکەوێتەوە بۆیە ژنی کورد پێویستە زۆر بە ووریاییەوە مامەڵە بکات و بەو وشیاری لە ئازادی تێبگات ، وانەزانێت ژنانی ئەورووپا گەشتوون بە سەرجەم مافەکانیان و کێشە کۆمەلآیەتیەکانیان لە کێشە کۆمەلآیەتی ژنی کورد زیاتر نین. هەر لەسەرەتای مێژووی فمینیستی ڕۆژئاواشەوە هەتا ئەمڕۆ دەیان ژنی لێهاتوو خۆیان بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلآیەتیەکان تەرخان کردووە هێشتا بە هەزاران کێشە یەخەی گرتوون و ڕۆژ بە ڕۆژیش کێشەکانیش ڕوو لە زیاد بوون دەکەن ، لەوانەش مارگرێت سەنگەر٢١ ( ١٨٧٩- ١٩٦٦ margaret Sanger)، سیستەرێکی ئەمریکیە، یەکێک بوو لەو ژنانەی وازی لە کارەکەی خۆی هێنا بۆ ئەوە پزیشکەکان بدوێنێ و بگات بە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کۆنترۆلکردنی منالبوون ، خەڵکانی هەژاری نیویورک لەمیانەی هەوڵەکانی ئەم خاتوونە لە کۆنترۆلکردنی سک پڕی تێگەشتن ، هەر ئەویش یەکەم ئافرەتە کە (عیادە) ی

کۆنترۆلکرندی مناڵبوونی کردۆتەوە پاش ئەوەی ڕەزامەندی کۆنگریسی ئەمریکی بەدەست هێناوە ، جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٢١ سەندیکای کۆنترۆڵکردنی مناڵبوونی دامەزراندووە گۆڤارێکیشی بە هەمان ناو بۆ هەمان مەبەست لە ساڵی ١٩٢٩ دا دەرکردووە، زۆربەی زانیاریەکانی مناڵبوون و کۆنترۆلکردن و لەبار بردن لە میانەی ئەو سەندیکایە و گۆڤارەوە هاتنە ئاراوە. سانگەر یەکێک بوو لەو ژنانەی کە خزمەتی کۆمەلایەتی گەورەی بە مرۆڤایەتی و ژنی ئەمریکی کرد ، بە تایبەت چینی هەژاران. هەر لەو کارە مرۆیییەش بەردەوام بوو تا سێپتەمبەری ١٩٦٦ کە گیانی بە مەرگ سپارد.

هەربە هۆی ئەو خزمەتگوزاریە گەورانەی سانگەر و ئارامگرتنی لە بەر زیندانی و مەینەتییەکانی بۆ گەیاندنی ئامانجەکانی ، ئەمڕۆ لە ئەمریکا دا سەنتەری جیهانی

"مارگرێت سانگەر" دامەزراوە .M.S.C.I

لەو سەنتەرەدا بایەخ بە پلانی باوکایەتی و نەخۆشیە زایەندیەکان و هەڵبژاردنی توخمی زاوزێ و یەکسانی ژێندەری لە هەموو جیهاندا دەدرێت.

جگە لە سانگەر لە کۆندا ئیزابێل کادی و ئەلیس پادل دیسان بە خەباتگێڕی گەورەی لایەنی ژنان ناسراون. لە ئێستاش دا بە دەیان ژنی بە توانا و ئاکادیمی خۆیان بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە بە شێوەیەکی زانستییانە لە کێشە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەکەیان دەکۆڵنەوە.

بەلام ئەگەر سەیری کوردستان بکەین پرۆفشنالی نیەو ژنێک بەو هەموو کەم و کوڕیەی پێشتر باسمان کرد دێتە نێو مەیدانی سیاسی بە ناوی ژنانەوە دەم لە هەموو مەسەلەکان و کێشەکان وەردەدات ، لە ڕێگەی چەند دێڕێکی خوازراوەوە باس لە سەرجەم کەم و کوڕیەکان دەکات، ئەو جۆرە خەباتەش دەکات بە منەت بە سەر ژنانی بەش مەینەتیەوە .

ئەو بۆشاییەی کە باسمان کرد ئەمڕۆ بە هاتنە ئارای ژنانێک فمینیست خۆ کۆنترۆلکەر بە هەموو بە هەموو زانستە کۆمەلایەتی و مرۆییەکان و پرۆفشنال لەو بوارەدا پڕدەبێتەوە، ئەو ژنانەی کە تەنیا خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات نەک سەرجەم تەوەری کێشەکان و بە شێوەیەکی زانستی بگات بە دەرئەنجامی :

١- سەرجەم کەم و کوڕیەکانی ژنانی کورد، هۆ و چارەسەر و دەرئەنجامە زانستییەکانی.

٢- ڕاڤەکردن و نیشاندانی مەترسیە نوێکانی ڕۆژئاواو کاریگەری لەسەر ژیانی ژن و ڕێگەچارە بۆ کۆنترۆلکردنی لایەنە نگەتیڤیەکان و دزە نەکردنی بۆ نێو جیهانی پڕ جەنجاڵ و مەینەتی ژنی کورد و لای ژن ڕوون بێت کە بە بێ ڕێگە گرتنی زانستی سەرجەم هەوڵەکانی دەچێتە بازنەی بانگەشە نەک چارەسەری بابەتی.

## سیاسەت و زانستی سایکۆلۆژی .

پەیوەندی سایکۆلۆژی و سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی فیکری مرۆڤ ، واتە کەوتووەتە پێش دەرکەوتنی لایەنی تیوری سەبارەت بە هەر دوو چەمک. بە گەڕانەوە بۆ ئەرستۆ بۆمان دەردەکەوێت پۆلێنی سایکۆلۆجیا و ڕامیاری و ئابووری وەکو زانستە پراکتیەکان دەکات. لەو پۆلینەوە دەگەینە

پۆلینی پێناسەی بۆ فاکتەرەکانی دی کە هاوکاری زانستی دەروونی دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە ، لەوانە ئەرستۆ پێی وایە (ئەخلاق) زانستی لێکۆڵینەوەی کردە کەسییەکانە ، (ئابوری) زانستی بژێوی ژیانە سیاسەتیش زانستی فەراهەمهێنانی دەوڵەتە، بەڵام دەرئەنجامی ئۆرگانی ئەو پەیوەندیە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی زۆر سیاسەت بە هەر فاکتەرێک و هەر کارێک کە ئاسانکاری پەیوەندی بۆ بکات کە زانیاری بۆ وەدەست بهێنێت لەو جۆرە زانیارییانەی پاڵپشتی چالاکیەکان و ئامانجەکان دەکات.

هەوڵەکانی یونگ و پاشانیش فرۆید ، زۆریان سەبارەت بە زانستە سیاسی و زانستە دەرونیەکان بە گەلانی جیهان گەیاند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی زانستی ڕاستەقینە لە بواری سایکۆلۆژی سیاسیدا، لە وولاتە یەکگرتووەکانەوە سەری هەڵدا ئەو کاتەی پاش شەڕی جیهانی دووەم بیریارانی بواری زانستی لە ئەوروپاوە هەڵهاتن بەرەو وولاتە یەکگرتووەکان و لە وێ نیشتەجێ بوون. لەوێ دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و سیاسی سەبارەت بە فاکتەرە جیاوازەکانی سایکۆلۆژیا و سەرەتا دەربارەی (ناهوشیاری) کۆمەڵایەتی و لە میانەی هۆش و دەرەوەی هۆشیش و پۆزیتڤ و نیگەتیڤەکانی ناهوشیاری گەشتن بە دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ، لە پێناوی بەرجەستە کردنی زانستی دەروونی وەکو زانستێک میتودی پزیشکی خۆی هەیە ، لێرەوە بوو جۆرەها دەرمانی دەروونی دۆزرایەوە، لە میانەی ئەو داهێنانەوە زانستی دەروونی هەوڵی ڕێکخستنی ئەخلاقی بۆ نێو بەشەکانی بدوزرێتەوە بە تایبەت بۆ زانستی سیاسی، وە یەکەم پرەنسیپی ئەخلاقی ئەو زانایانە دەربارەی زانستی سیاسی ئەوە بوو کە ڕێگە لە کۆمەڵ و نەتەوەکان بگیرێت کە ئازادی خۆیان لەسەر بنەمای ئازادی تاک و کۆمەڵ و نەتەوەکانی دی بەدی بهێنن.

لێرەوە واز لە ووتە تیوری زانایانی جیهان دەهێنین و ڕوو دەکەینە جیهانی کوردی چونکە هەموو تیورەکانی جیهان بەرامبەر بە جیهانی کوردی لە وێدا کۆتایی پێدێت کە زۆربەی تاک و کۆمەڵ و گروپەکان دەیانەوێ ئازادی خۆیان لە سەر بنەمای ئازادی کەسانیدی بەدی بهێنن. لێرەدا چرکە ڕووناکەکانی کورد دەگۆڕێت بۆ تاریک و تێڕوانینێکی چاکسازی تێدا دەرناکەوێت، لە ماڵی کوردی هەر دەسەڵاتی کوردی هەمیشە مایەی داگیرکاری ئازادی و هوش و بیر و باوەڕی تاک و کۆمەڵی کوردی ، نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی و بانگەشەی دووفاقی بووە لە ناو کورددا، هەمیشە لێپرسراوی یەکەم ئازادیەکان و مافەکانی لێپرسراوی دووەمی داگیر کردووە و دووەمیش هی فەرمانبەرەکان و فەرمانبەرەکانیش مافی هاووڵاتیان و ئەوانەی دەچنە لایان بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان لە داب و نەریتی کوردا بە خواستی گەورە ئازادی بچووک دەستنیشان دەکرێت. هەمیشە بچووک جێبەجێکاری خواست گەورەیە، ئەوی بچوکیش هەمان پرۆسەی ئەنجام دەدا بەسەر لە خۆی بچووکتردا لە هەمووشیان زەقتر ئەگەر ئەو بچووکە نێر بێت ئەوا بۆی هەیە ئەو پرۆسەیە بۆ سەر مێینەکانی ناو خێزانەکەیدا ئەنجام بدات چەندە لە خۆشی گەورەتر بن.. چونکە هەمیشە حسابی ناتەواو بچووک بەڵێ کار بۆ ژن دەکرێت. ئەم پرۆسەیە دایکیش دەردە دەرونیەکانی خۆی کە مێرد و کۆمەڵ و باوک بە سەریاندا سەپاندووە و پراکتیزە کردووە، پراکتیکی دەکات بەسەر کچەکەیدا و کچەکەشی بەسەر لەخۆی بچووکتر دا و بەو شێوەیە ئەم بازنەیە هەمیشە بەردەوامە و هیچ جۆرێ ئازادی خواست و مانێک لەنێو خێزانی کوردیدا بەدەر بابێت لە خواستی داگیرکاری تاکتیکی لەخۆ گەورەتر وەکو تەمەن یاخود وەکو ئەو رمز ، ئەو رەمزەی داب و نەریت باوەڕی پێیەتی ، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو دەردە

کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی‌یەش لە تەشەنەدایە.. چۆنکە ئاوێک لەسەرچاوە ئەسلیەکەوە بێتە خوارێ لە هاویندا ووشک ناکات. ئەو پیاوەی لای لێپرسراوەکەی ئازادی و مافی پێشێل کراوە و دێتە ماڵەوە هەمان کردە  لە گەل خێزانەکەی دووبارە دەکاتەوە.

ئەم شێوەیە جیهانی کوردی لە تاقیگەی  تیوری زانستی دەروونی و پابەندبوونی بە زانستی سیاسی و دەسەڵات هیچ بەدەست دەهێنێت و زانستی دەروونی تەنهابۆ نگەتیڤەکانی وەکو سیخوری دەرگا داپلۆسێنەرەکانی بەکار دەهێنن.

.بە هەموو پێوەرەکانیش زانستی دەروونیش مرۆڤە دکتاتۆرەکان هێندە کاریگەرییان بۆ سەر قوربانیان هەیە کە هەموویان دەگۆڕن بۆ دکتاتۆری بچووک ،بەم شێوەیە جیهانی کوردی پڕ کراوە لە دکتاتۆری گەورە و بچووک .

ئۆمێدی دووەمان کە ژنانێکی ئازادیخواز و ئەوانەی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کێشەکانی ژنان ئەوانیش لە (١١) خاڵی ڕابردوو کە هەر یەکەیان بوونیان هەیەو سەرکردایەتی بانگەشەکانی ژنیان هەڵبژاردووە و خۆشیان لەو نائارامی‌یەوە دەروونیە سەختەدا دەژین کە نەیانتوانیوە خۆیان چارەسەر بکەن... ئەو سیاسەتە ناتەواو ڤایرۆساوی دژە وای کردووە سیاسەتێکی نەخۆشی کە خۆی توانای چارەسەر کردنی خۆی نیە بەرجەستە ببێت ، هەر سیستم و پەیڕەو پرۆگرامیش توانای خۆ چارەسەر کردن و خۆ نوێ کردنەوەی نەمێنێت ناتوانێت بەرەو پێشەوە بڕوات و کۆمەڵ بگۆڕێت و ببێت بە هێمای ڕێکخەری ئەقڵانی کۆمەڵایەتی  درووست نەک هەڵگرانەوەی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵێک نەخۆشی پڕگرێ .

بۆیە دڵنیام کە تەنها ئایدیایەکی فمینیستانە  دەتوانێت  تیوری ئێمە و کۆمەڵە نەخۆشەکە ژن ڕزگار بکات، چونکە وەکوو ئاماژەمان پێکرد ئەو فمینیستەی ئێمە باوەڕمان پێی هەیە ئەو مرۆڤەیە لە بە شێوەیەکی زانستی لە دیاردەکان دەنواڕێن و دەرئەنجامەکانیشی دەست نیشان دەکات ، مرۆڤێکیش بە شێوەی زانستی جولایەوە واتا ڕەچاوی ماف و ئازادی دەکات ، واتە ویژدانی لە سەرو هەستی‌وەیەتی واتا هوشیاری کە عەقل بووە بە هۆکارێک بۆی فیکر و خواستی کۆنترۆل کردووە ، تەنها ئەم جۆرە مرۆڤەش کە فمینیستە ، فمینیست ناس یاخود دەتوانێت ژنناس بێت ،کۆمەڵناس ، دەروون ناس بێت لە چوارچێوەی خواستی مرۆڤەکاندا بەرهەمێکی دروست بچێنێت ، چونکە بە هەبوونی فیکری مەعریفی و خواستی مرۆڤدۆستانە ئەو خواستە دەگوێزرێتەوە بۆ چالاکی و چالاکیش دەبێت بە بنەمای چاکسازی ، ژنی فمینیست ئەگەر سیاسەتیش نەکات بۆ خۆی خاوەنی دەسەڵاتێکی لە سیاسەت گەورەترە، چونکە بە پێی ئەو هەنگاوە زانستیانە بۆ ئەو فمینیستەی لە خۆیدا بەرجەستەی دەکات دەزانێت فمینیزم بۆ خۆی ئایدیالۆژیایەکی گەورەیە، کە هەول دەدات کەم و کوڕی‌یەکان ، کۆمەل و سیاسەت و کولتور ڕێکخاتەوە و ببێ بە ڕێکخەرەکی ئەخلاقی  دروست بۆ چینی ژنان چۆنکە دەزانێت چێنێکە کاریگەری گەورەی لەسەر چینەکانی‌تر و سەرجەم میکانیزمە ڕێکخراوەکانی‌تری کۆمەڵ هەیە، دەبێت  بە چاودێری ڕاستکردنەوەی هەڵەکان،  چونکە ژنی فمینیزم ئەو ژنەیە دەزانێت و هەنگاوەنانی سیاسی هەنگاوێکە لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە ئەگەر لەسەر بنەمایەکی فکری ، زانستی، و ڕۆشنبیری ، ئەخلاقی فیمینیستی دانەمەزرابێت، ئازادی فیکر و ئازادی توێژینەوەی زانستیش ئالیەتی کارکردنیەتی..